سەم : تا ئێستا هەرەم نەوتی داواکراوی رادەستنەکردووە

عەلی نزار شەتری بەڕێوەبەری کەمپانیای سەم رایگەیاند، تا ئێستا هیچ بڕێ نەوتێکیان لەلایەن هەرەمەوە رادەستنەکراوە و کێشەکە لەنێوان هەرەم و کەمپانیا بەرهەمهێنەرەکان ماوەتەوە.

وتیشی، وەزارەتی نەوتی عێراق و سامانە سروشتییەکانی هەرەم لە یەک چوارچێوەدا کاردەکەن، کە بەرهەمهێنەری نەوتی عێراقن، جیاوازییەکیان تەنها سروشتی پێیوەندییانەدایە کە لەنێوان حکومەتی هەرەمدا کەمپانیاکاندا هەن.

ئاشکرایکرد، تا ئێستا ئەو نەوتەی لە هەرەم بەرهەمدەت لەناوخۆ بەکاردەهێنرێت، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی کۆتایی و دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لە بەندەری جەیهانی تورکی.